## بەڕێز سەرۆکی حکوومەت

# بە چ هەقێك هەنگەوان دەرکرا؟



**عەبدولڕەحمان فەرهادی***

**منداڵ بووم.. زۆر منداڵ بووم لە ڕێی کتێبخانە بچکۆڵەکەی برا گەورەکەم هۆگری خوێندنەوە بووم، هێشتا نەچووبوومە مەکتەب، لە ڕێی گۆڤارە جوانەکانی ( مجلتی ) و ( المزمار ) و دواتر بڵاوکراوەکانی** (دار ثقافة الاطفال) **عیشقی خوێندنەوە لە کەللەی دام و دواتریش خوێندەواریم ڕسکا، ئەم عیشقەم پەرەی سەند و بێ هەردوو گۆڤارە عەرەبییەکەی منداڵان نەمدەتوانی هەڵبکەم، ئەگەرچی عەرەبیم شتێکی وا نەدەزانی، بەڵام لە ڕێی هەندێك لە هاوڕێکانمەوە ئەوانەی کەمێك لە من بە تەمەنتربوون و لە خوێندنی عەرەبی داندرابوون، دەمتوانی ئاشنای بابەتەکانی نێو هەردوو گۆڤارە مانگانەکە بم، وێنە ڕەنگاوڕەنگەگانی، سیناریۆ و کاریکاتێر و مەتەڵ و خشتە و پرسیار و چیرۆك و شیعرە سادەکانی زاخاوی مێشکیان دەدام .**

**ڕژێمی بەعس گرنگیی بە منداڵی عەرەب دەدا ، مانگانە چەندین گۆڤاری ڕەنگاوڕەنگ و چەندین نامیلکەی لە ڕێی وەزارەت و دەزگاکانی تایبەت بە منداڵان بە تیراژی زۆر دەردەکرد، کە لە هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستانیش دانەیەکیان لێ نەدەمایەوە، زۆر جاران بە هەوڵی زۆر و برادەرێتی بڵاوکراوەکانیان بۆ پەیدا دەکردین، کە نرخەکانیشیان هەرزان بوون .**

**دواتر لە پۆلەکانی کۆتاییی قۆناغی سەرەتاییم، من خۆم ئاشنایەتیم لەگەڵ کتێبفرۆشەکانی بازاڕ پەیداکرد کە نزیك بوون لە ماڵمانەوە، تێکڕای ئەو بڵاوکراوانەی مەبەستم بوون بە کوردی و عەرەبیشەوە دەستم دەکەوتن .. ڕژێمی خوێناویی خومەینی کە دەستەلاّتیان وەرگرت، یەکەمین قسەی خومەینی ئەوەبوو : ( پێویستە لە منداڵانەوە دەست پێ بکەین و هەنگاو و کارەکانمان لە منداڵانەوە بێت، کە ئەوانە نەوەی دواڕۆژ و گەنجینە و سادە و خامن )، ئەوەبوو لەسەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بوون، کە دەردەکەوێت چۆن تا ئەو ڕاددەیە بە مەرامەکانیان گەیشتن و ئەوەیان داکرد کە هەیە... ئێمەی کوردیش لە دوای ڕاپەرینە پیرۆزەکەوە لە هەموو بوارێك کلۆڵ و دەستە پاچە بووین، ساڵانی سەرەتای ڕاپەرین بە هەوڵی چەندین دڵسۆز و**

نووسەری بە توانای میللەتەکەمان تواندرا گۆڤاری ( هەنگ ) دەربکرێت، کە تاکە گۆڤارێکی منداڵان بوو لە کوردستان و وابزانم پێش ئەویش برایانی ( کوردستانی نوێ ) گۆڤاری منداڵانەی ( پەریستان )یان دەردەکرد، کە بەداخەوە تەمەن کورت بوو.

گۆڤاری ( هەنگ ) خزمەتێکی زۆری کرد و بوو بە قوتابخانەیەك بۆ پێگەیاندنی چەندین نووسەری بواری منداڵان و چەند نەوەیەکی پێگەیاند و تەنانەت بڕوانامەی بەرزی زانکۆییشی لەبارەوە وەرگیراوە، بەداخەوە نەورۆزی ڕابردوو ڕاگیرا، کە تاکە گۆڤارێکی حکوومەتی هەرێم بوو بۆ منداڵان لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە مانگانە دەردەچوو. سەرەتا ئەم گۆڤارە بە تیراژێکی یەکجار کەم بڵاودەکرایەوە بە شێوەیەك هەر قوتابخانەیەك دانەیەکی بەرنەدەکەوت، دواتر بە هەوڵی سەرنووسەرەکەی کە ئێستا لەکار لادراوە، تیراژەکەی هەندێك زیادی کرد و لووتکەی زیادکردنی تیراژەکەی گەیشتە چوار هەزار دانە. سەرنووسەری ( هەنگ ) ئەوەندە دڵسۆز بوو بۆ کارەکانی بە شێوەیەك گۆڤارەکەی دەخستە بەردەستی خوێنەران بێ هەڵەی نووسین و زمان و چاپ، کە هیچ دانەیەکی لە بازاڕ نەدەمایەوە.

دواجار لەجیاتی ئەوەی تیراژی ( هەنگ ) بۆ دەیان هەزار زیاد بکات . بەداخەوە ڕاگیرا و زیندەبەچاڵ کرا، ئەگەر پشتگیریی سەرنووسەرەکەی کرابا و بگەیەنرابایە دەستی زۆربەی منداڵان، ئەوا دڵنیام منداڵانی کوردستان بە پەروەردەیەکی ڕاست و دروست ڕۆشنبیر دەبوون، هەژدە ساڵی ڕەبەق سەرنووسەرەکەی بێ وچان لە تێکۆشاندا بوو بۆ خزمەتکردنی ڕۆڵەکانی دوارۆژمان، کە هەژدە ساڵ عومرێکی زۆرە و ئەو سەرنووسەرە کۆنترین سەرنووسەری گۆڤارێکی حکوومەت بوو لە مێژووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە خزمەت مابێتەوە، سەرنووسەرەکەی پیاوێکی پڕ لە ئەزموون و پڕ لە بەرهەم، دڵسۆز لە پێناوی ئامانجەکانی، ڕابردوو پاك پاك وەك پەڕی گوڵ، بەخشندە، خزمەتگوزار و میهرەبان، ڕاستگۆ لەگەڵ خەڵك و لەگەڵ کار و خەمخۆر لە پێناو گەیاندنی ( هەنگ ) بۆ ئاستێکی بەرز، هەموو هەوڵی لەوەشدا بوو، کە گۆڤارەکە بۆ منداڵانی هەموو شار و شارۆچکەکان بێ، بێ جیاوازیی شێوەزار و دیالێکت کە مووچەیەکی کەمی مانگانەی هەبوو و دڵنیام بارتەقای کرێی هاتوچۆکەشی نەبوو.

بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان : ئەمانە بەشێك بوون لە سیفاتە جوانەکانی سەرنووسەری ( هەنگ ) کە حەزی دەکرد بەقەد ئەو ماندووبوون و دڵسۆزییەی ڕێزی لێ بنرێت، کەچی ئێوە بە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریشەوە گۆڤارەکەتان وەستاند و سەرنووسەرەکەیتان دەرکرد و ڕەوانەیماڵەوەتان کرد، بێ ئەوەی لەدوای بنێرن و سوپاسێکی ڕەق و تەقی بدەنێ، هەژدە ساڵ خەریکی ( هەنگ ) بوو، بێ خواحافیزی لاتاندا . خەڵك تەنانەت هەژدە ساڵ باڵندەیەکیشی ڕاگرتبێ ناتوانێ ئاوا بە سووك و سانایی دەستبەرداری بێت،کەچی ئێوە توانیتان، ئەمەیە ڕێز و حورمەتی کەڵە ڕۆشنبیران لای ئێوە؟!.. ئەو پیاوە بە توانا و پەروەردکار و نووسەر و فەرهەنگساز و ڕۆژنامەنووسەتان بە پاساوی چی لەشوێنی خۆی هەڵقەنانـد؟!.. چ ئاسمانێك قەبووڵیەتی دوای دەرچوونی ( 174 ) ژمارە، ئەم گۆڤارە زیندەبەچاڵ بکرێ؟!.. لە سەردەمی کابینەی ئێوە تیراژەکەی کرایە هەزار دانە و یەك تاکە هەزار دانەتان بۆ منداڵانی کوردستان بە ڕەوا نەبینی؟.. نزیکەی ساڵێکە منداڵانمان لەم گۆڤارە بێبەشن و خەریکە ناوەکەشیان بیردەچێتەوە . سەرەتای ساڵی تازەی کوردی ئەم گۆڤارەتان ڕاگرت، کە دەبوایە بەم بۆنە گرنگەوە زیاتر بایەخی پێ بدەن و بیکەن بە گۆڤارێکی هەفتانە.

بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان :

بیرته له دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵ نووسەرانی کورد لە ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاوێژکارەکانت، سەرنووسەری ( هەنگ ) باسی لە موعاناتەکانی خۆی کرد و داواکانی گۆڤارەکەی خستە بەردەستتان و گلەیی لەوە کرد کە چەندین یادداشتی داوەتە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەنجومەنی وەزیران و وەڵامی نەدراوەتەوە و باسی لەوە کرد کە ئەم گۆڤارە لای حکوومەتی ئێمە چەندە بێ بایەخە؟ جەنابتان زۆر ڕاتان لە قسەکانی بوو و بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریش سەری ڕەزامەندیی بۆ هەردوولاتان دەلەقاند. لەوێ لە وەڵامدا باستان لە بایەخەکانی ئەدەبی منداڵان کرد، ئێمە کۆڵێک شادمان بووین، کە بەڕێز د.بەرهەم بۆ لەمەودوا کتێبخانەی منداڵانی کوردستان پڕ بەرهەم دەکات .. باشم لە یادە کە دوای نانخواردن لە دیوانی بەڕێزتان ، قۆڵتان لە قۆڵی سەرنووسەری ( هەنگ ) هەڵکێشا و گوتتان : خەمتان نەبێت کارێک دەکەین داخوازی و خەونەکانتان بە سەربەرزییەوە بێتەدی، پاشان لە بەڕێکردنمان یەکە یەکە تەوقەت لەگەڵ کردین و کە گەیشتنە سەرنووسەری ( هەنگ ) بۆ تەوقەکردن ، سێ پاتت کردەوە ( خەمت نەبێ )، دڵناییتان دایێ و ئەو هێشتا هەر چاوەڕوان و چاوەڕوانە. چ حکوومەتێك لە دنیادا هەیە گۆڤاری منداڵان ڕابگرێت ؟. هیچ پاساوێك جێگەی قەبووڵ نییە، چی بە منداڵانی کوردستان بڵێین؟ چ پاساوێك هەیە بۆ ئەوەی گۆڤاری ( هەنگ ) لە منداڵان بسەنینەوە ؟.. من هیچ لەم هاوکێشەیە ناگەم و هەزاران هاوکێشەی ماتماتیك و فیزیام وەك پسپۆڕێکی هەردوو بواریش بە سووك و سانایی شیکار کردووە، کەچی بۆ ئەمەیان دەستە پاچەم و هیچم بۆ ناگوترێ ئەوە نەبێ بە ستافە کۆڵنەدەرەکەی ( هەنگ ) و سەرنووسەرە ماندووەکەی بڵێم دەستتان خۆش و تەمەن درێژ بن کە چەندین ڕۆڵەی لە دەستەی نووسەران و نەخشەسازان و پیتچنان و هونەرمەندانی نیگارکێش و سیناریست و هەڵەچن وکرێکاری چاپ تێیدا ماندوو بوون و شەونخونییان کێشا و خزمەتەکانیان لە مێژووی ئەدەبی منداڵاندا بە گەشەداری ماوەتەوە .

* سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر
ferhadi1963@yahoo.com